# یەکێتی هونەرمەندان لەبری دیالۆگ پەنایان بۆ پۆلیس برد!!

محەمەد ئیسماعیل ئەحمەد

دوای ئەوەی بەبڕیارێکی کۆمەڵێك هونەرمەندی ناڕازی لە ئەدای کاری یەکێتی هونەرمەندان و بۆسنوردانانێك بۆکاری گەندەڵی ئەو ڕێکخراوە ڕێپێوانێکی هێمنانەو مەدەنیانە بەبەشداری 130هونەرمەند بۆبەردەم یەکێتی هونەرمەندان ڕێکخرا ،ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی هونەرمەندان و سەرۆکی ئەو سەندیکایە ڕێگەیان نەدا بچنە ناو ڕێکخراوەکەوە،ئەمە لەکاتێکدایە ئەم ڕێکخراوە موڵکی هەموئەندامانە نەك تەنها گروپ و تاقمێك،لەوەش نامەدەنیتر پەنابردن بوو بۆپۆلیس کە گوایە پلانی ئەم گروپە ئەوەیە کە بینای ئەو ڕێکخراوە کۆنترۆڵ بکەن ،یان شوشەکانی بشکێنن ،سەبارەت بەمە وتەبێژی ڕەسمی گروپەکە ئەوەیان ڕاگەیاند بەهیچ شێوەیەك ئەمە لەئەدەبیاتی ئێمەدانیە،بەڵکوئێمە تەنها کارمان ڕیفۆرم و سنوردانانە بۆگەندەڵیەکان،زۆرهەوڵدرا بۆئەوەی ئەندامانی یەکێتی هونەرمەندان بچنە ناو بارەگاکەیانەوە بەڵام بێ ئومێدبون،ئەمەلەکاتێکدا پێشتر پۆلیسەکانیان واتێگەیاندبوو ئەمانە گروپێکی گێرەشێوێنن،ئەم حاڵەتە جگە لە ئیفلاسی و نەمانی توانستی دیالۆگ لای یەکێتی هونەرمەندان هیچ تەفسیرێکی تری نیە،بۆیە دوشەو تابەیانی ئەم گروپە مانەوە لەبەردەم ئەو ڕێکخراوەداتابەخشینی وەڵامی یەێتی هونەرمەندا بۆئەم گروپەو دیالۆگ لەگەڵیاندا کوژاندنەوەی گڵۆپەکانی دەرەوەی بیناکەبوو،لەبەرئەوەی بەتاریکی ئەوان بێزارکەن و ئەوێ بەجێبێڵن،ئافەرم ڕێکخراوی مەدەنی،ئافەرم نوێنەری هونەرمەندان!!

پێم وابێت ئەو پۆلیسانەی بەربەدەم هونەرمەندان زۆرمەدەنی تر بون لە ستافی ئەو ڕێکخراوە،بۆئەم حاڵەتەش من چەند پرسیارێك لە بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەدەکەم کەئەوانەش ئایا ئەو کۆمەڵە هونەرمەندە تاماوەیەك بەرلەئێستا ئەندامی خۆتان نەبون دەبێت ڕێکخراوێك پۆلیس بکاتە سەر ئەندامی خۆی؟؟ئایا لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دەیان سایتی ئەلکترۆنی و ڕۆژنامەی کوردی و بیانی لەوانە"کوردستانی نوێ،ئاڵای ئازادی ،کوردستان ڕا پۆرت،هەولێر پۆست،میدیا،هەواڵ ،جەماوەر،کوردستان نێت ،چراکان،کوردستان ئۆن لاین،پ،یوکەی میدیا،ئاران،دەنگەکان، پەیامنێر،کوردش میدیا،کلاوڕۆژنە،نەوا،کۆمەك،تەلەفزیۆنی عێراق،ئەلشەرقیە،خاك،زاگرۆس،کوردسات،ئازادی،زەحەتکێشان،ڕادویۆی دەنگی گەلی کوردستان،چەندین ئۆرگانی تر قسەی لەسەر ئەم هونەرمەندانەکرد کە هەڵوێستایان هەیە ئێوە نەمانبینی و نەمانبیست تەنها یەك هەڵوێستان هەبێت ئێوە ئەمە ناودەنێن چی؟؟سەرەتای ئەم کێشەیە ویەکەم کۆبونەوەی ئەم گروپە لە پارکی ئازادی بۆچی پەیوەندیان بەکاك فەرەیدون و جیهاد دڵپاکەوە کرد کەسیان ئامادەنەبون بێنە لای ئەو هونەرمەندانەوگوێ لەداواکانیان بگرن؟؟تاکە شتێك کە کاك جیهاد قسەی لەسەردەکات و چەندین جار دوبارەی دەکەنەوە ئەوەیە کەئێمە زەوی ویارمەتی مام جەلال دەدەین بە هونەرمەندان ،لەبری ئەوە نابێت ئەوان قسەو گلەییان هەبێت"خوێنەردەتوانێت بگەڕێتەوە بۆسایتی هەولێر پۆست ولێدوانی بەڕێز جیهاددڵپاك" کاکە ئەمە نەرێتێکی زۆرنامەدەنیانەیە تۆ یارمەتیەکی مام جەلال بەکاربهێنیت بۆبێدەنگکردنی دەنگی جیاوازو بیری جیاواز...

**لەو هەڵوێستەش ناخۆشتر من کە بەرێکەوت لەگەڵ ئەم هونەرمەندانەدابوم،کاك فەرەیدون دارتاش کاتێك بارەگای هونەرمەندانی جێهێڵا بەوشەوە پاسەوانی هەبوو، پاسەوانی پۆلیس!! ئایا من لەکاك فەرەیدون دەپرسم هەمو کۆبونەوەیە بوو بۆماوەی 48سەعلت یەك قسەی خراپی بەرامبەر کرا؟ یەك شتی ناشیرنی بینی لەکەسێکەوە بەرامبەریان کرابێت؟ئەی بونی پاسەوان واتای چی.؟؟!!**

**من لێرەوە داواکارم لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و نوێنەری بەرێز مام جەلال تائێرە بابەس بێت و سنورێك بۆسەرجەم ئەو گەندەڵیانە دابنێن کە کۆمەڵێك هونەرمەندی بەرژەوەند خواز دەیانەوێت ڕوی حکومەت و ڕوی هونەری کوردی ناشیرین تر بکەن ،تکایە....تکایە بانوێنەری حکومەت بەڕەسمی بێتە ناو ئەم هاوکێشە گەرەیەوە ..**